راپۆرتێک لەبارەی :

لیژنەکانی چاودێریی بازاڕ لە گەرمیان

بەشی یەکەم: راپۆرت

پێشەکی

لە قەزا و ناحیەکاندا ژمارەیەک لیژنە لەلایەن ئیدارەی خۆجێییەوە پێکهێنراوە بەمەبەستی چاودێریی و کۆنترۆڵکردنی بازاڕەکان، بەتایبەتی لە روی پابەندبونی شوێنکارەکان بە فرۆشتنی کەرەستە و خۆراکی پاک و تەندروست و بەسەرنەچو و خراپ نەبو، سەرباری چاودێرییکردنی هەندێک بواری دیکە کە پەیوەستن بە ژیانی رۆژانەی هاوڵاتیانەوە.

ئەم لیژنانە ژمارە و ئەرکیان لە ناوچەیەکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت. لەمیانەی ئەم راپۆرتەوە، تیشک دەخەینە سەر کاری لیژنەکان، هەروەها قەبارەی ئیشوکارەکانیان پیشان دەدەین، لەگەڵ باسکردنی کێشەکانی لیژنەکان و ئەو تێبینییانەی لەسەریان هەیە، هەروەک هەڵسەنگاندن بۆ ئەرکەکانیان.

یەکەم: ناساندنی کار و ئەرکی لیژنەکانی چاودێریی بازاڕ

١. کاری لیژنەکانی چاودێریی

لە سنوری قایمقامیەتی قەزای کەلار ٢٥ لیژنە بونی هەیە بە ناحیەکانی دەوروبەرییەوە، بەجۆرێک لەسنوری قەزای کەلار ١٦ لیژنە هەن، هاوکات لە ناحیەی رزگاری ٦ لیژنە و لە ناحیەی باوەنور ٣ لیژنە بونیان هەیە، ئەرکی ئەم لیژنانەش بەدواداچون و پشکنین کردنە بۆ ئەو شوێنکارانەی کە خواردنی تێدا ساخ دەکرێتەوە لەگەڵ مۆلیدەکان و دەرمانخانەکان. بەڵام بەهۆی ئامادەنەبونی قایمقامی کفری و لێپرساوی لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی قەزای کفری بۆ قسەکردن، نەمانتوانی هیچ داتایەکی دروست لەوبارەیەوە بەنسبەت قەزای کفری و ناحیەکانیەوە وەربگرین.

«لیژنەکان کاریان دیاریکراوە بەپێی ئیشی خۆیان، بەپێی رێنمایەکان هەر لیژنەیەک و دەبێت لە ماوەی مانگەکەدا ٢٠ جار سەردان بکات، بەڵام هەندێک لیژنە هەن کاریان کەمترە، ئەوانەی ناو بازاڕ دەبێت لە ماوەی مانگەکەدا ٢٠ جار سەردان و پشکنین بکەن چ بەیانیان بێت یان ئێواران یان شەوان»، پشتیوان حەسەن، سەرۆکی لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی قەزای کەلار وا دەڵێت.

باسی لەوەشکرد: لیژنەی عەلوەمان هەمو رۆژێک دەرچونیان هەیە جگە لە رۆژانی هەینی، ئەمە بۆ لیژنەی کافتریاکان جیاوازە ئەوان ١٥ دەرچونیان هەیە.

نەبیل سەعید، سەرۆکی لیژنەی دەرمانخانەکان لە ناحیەی رزگاری وتی: «ئێمە لە ناحیەکەدا ٦٥ دەرمانخانەمان هەیە و ٣ کارمەندین، مانگانە سەردان و بەدواداچون دەکەین بۆیان، بەبەردەوامی کاری خۆمان دەکەین بەجۆرێک هەر دەرمانێک بەسەرچوبێت دەستی بەسەردا دەگرین و لەناوی دەبەین».

«لە ماوەی مانگێکدا ١٥ جار دەرچونمان هەیە، لیژنەکەشمان لە ٥ کەس پێک هاتوە کە سەردانی مارکێت و قەسابخانە و دەرمانخانەکانیش دەکەین، پشکنین بۆ هەمو ئەو شوێنانە دەکەین لە روی پاکوخاوێنی و سەیرکردنی بەروار و شوێنی هەڵگرتنی خواردن و شتومەکەکان، لێپێچینەوەی خۆمانمان کردوە لە بونی هەر سەرپێچیەک، بەجۆرێک لە غەرامەکردن و سزای داخستنیش»، موکەرەم کەمال، سەرۆکی لیژنە هاوبەشەکانی بازاڕ لە ناحیەی باوەنور وای وت.

هاوکات، بێستون محەمەد، سەرۆکی لیژنەی مۆلیدە ئەهلیەکان لە ناحیەی باوەنور دەڵێت: «لە ناحیەکەدا ٤ مۆلیدەی ئەهلی هەیە و ٣ کارمەنیدن لە لیژنەکەدا، زۆرترین سەردانەکانمان بۆ مۆلیدەکان لەبەر کزی ڤۆڵتیەیە کە هاوڵاتیان نارەزایەتیان هەیە و سکاڵا تۆمار دەکەن».

«سەردانەکانی ئێمە لەسەر داوای هاوڵاتیانە کە پەیوەندیمان پێوە دەکەن لە بونی هەر کێشەیەک، رۆژی وا هەیە ٢ جار یان هەفتەی ٤ جار سەردان و بەدواداچون دەکەین، بەڵام بۆ پشکنینی ڤۆڵتیە بەبێ ئاگارداری خاوەن مۆلیدە سەردان دەکەین جاری واهەیە لە سەردانی ٥ بۆ ٦ مۆلیدە ئەکەین ئەگەر پابەند نەبوبێتن ئەوە روبەروی سزا دەکرێنەوە«، سەرتیپ حەمید، سەرۆکی لیژنەی مۆلیدە ئەهلیەکان لە ناحیەی رزگاری وای وت.

بەهەمانشێوە، ئاراس حەسەن، سەرۆکی لیژنەکانی ناحیەی رزگاری وتی: «بەکۆی گشتی ٥ لیژنەمان هەیە ئەوانیش (لیژنەی ناوبازاڕ، ڤێتەرنەری، مۆلیدات، دەرمانخانە و ئارایشتگاکانمان) هەیە، لیژنەکانیش بەپێی رێنماییەکان کاری خۆیان دەکەن کە بۆمان دیاری کراوە«.

لیژنەی ڤێتەرنەری پشکنین بۆ هەمو ئەو بابەت و خواردنانە دەکات کە لە چوارچێوەی ئاژەڵ و پەلەوەرە، هاوکات پشکنین بۆ مەیدانی ئاژەڵان و کوشتارگە و خانەکانیش دەکات، هاوکات بەدواداچون بۆ پاکوخاوێنی و لایەنی تەندروستی ئەو ئاژەڵانە دەکات کە سەر دەبڕێن.

سیروان حەسەن، سەرۆکی لیژنەی ڤێتەرنەری لە ناحیەی رزگاری هێما بۆ ئەوە دەکات: «لیژنەی ڤێتەرنەری لە ٥ کەس پێکهاتوین و چاودێریەکەمان لە هەفتەیەکدا ٣ جار سەردانی بەردەوامان هەیە هەندێک کاتیش شەوان دەردەچین بەتایبەت بۆ لەفە فرۆشەکان و بەدواداچون بۆ پاکوخاوێنی و لایەنی تەندروستی ئەو ئاژەڵانە دەکات کە سەردەبڕێن، ئەو رێنمایانەی کە هەن دەبێت پێوەی پابەند بن».

٢. دەسەڵاتی لیژنەکانی چاودێریی

راکان جیاوازن لە نێوان لیژنەکاندا لەروی ئەوەی تاچەند دەسەڵاتیان هەیە لە سزادانداء هەندێک لە لیژنەکان جەخت لەوەدەکەنەوە کە دەسەڵاتی سزادانیان نیە، هەندێکیش دەڵێن دەسەڵاتی سزادانمان هەیە.

«لیژنەکان کە سەردان دەکەن دەفتەرێکی پسولەیان لایە، لەو پسولەیە هەمو سەرپێچییەکان بە خاڵ دەنوسێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەشتوانێت پێشنیار بکات و سزاکەشی تێدا بنوسێت، بەڵام بڕیاری کۆتایی قایمقامیەت ئەیدات کە سزاکەی چییێت»، پشتیوان حەسەن، سەرۆکی لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی قەزای کەلار وا دەڵێت.

لە بەرامبەردا، تۆفیق محەمەد، لێپرسراوی بەشی چاودێری تەندروستی سەلامەتی خۆراک لە بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان هێمای بۆ ئەوە کرد: «ئێمە سزاکانمان بۆ دیاریکراوە، بەجۆرێک کە سەردانی شوێنکارێک دەکەین و پابەند نەبوە بە رێنماییەکانمان سەرەتا ٢ جار ئاگاداری دەکەینەوە، بەڵام هەر پابەند نەبو لە سێیەم جاردا سزای مادی بۆ ئەکەین کە لە ٥٠ هەزارەوە دەست پێدەکات بۆ ٥٠٠ هەزار دینار».

ئاراس حەسەن، سەرۆکی لیژنەکانی ناحیەی رزگاری وتی: «لیژنەکان دەسەڵاتی سزادانیان زۆربەی کات بۆ لای بەڕێوبەری ناحیە دەگەڕێتەوە، بەڵام لیژنە بۆی هەیە سزاکە بنوسێت وەک پێشنیار لەگەڵ زانیارییەکانی سەرپێچییەکە، دواتر ئەگەڕێتەوە بۆ قایمقامیەتی کەلار، چونکە سەر بە ئەوانین و خۆمان یەکەی ژمێریاریمان نیە لەوێ وەسڵەکان دەکرێت».

هاوکات، سەرتیپ حەمید، سەرۆکی لیژنەی مۆلیدە ئەهلیەکان لە ناحیەی رزگاری باس لەوە دەکات: «دەسەڵاتی سزادان راستەوخۆ لەلای ئێمە نیە، ئەرکی ئێمە ئەوەیە وەسڵی سزاکەی بۆ ئەکەین لەگەڵ پێشنیاری سزاکە دواتر بەڕێوبەری ناحیە بڕیاری لەسەر دەدات».

بەڕێوبەرێک ئەوە پشت راست دەکاتەوە کە لیژنەکان دەسەڵاتی سزادانیان نیە، بەجۆرێک ئەو پێشنیارەشی کە دەیکەن یەکە ئیدارییەکان رەچاویان ناکەن.

عوسمان مستەفا، بەڕێوبەری ڤێتەرنەری گەرمیان وتی: لیژنەی ڤێتەرنەری هیچ دەسەڵاتێکی سزادانیان نیە، ئەوەی هەیە تەنها پێشنیار دەکات بۆ ئەو سزا مادیەی کە پێویستە بکرێت یان پێشنیاری داخستن دەکات و دەینوسێت، قایمقامیەت بڕیار ئەدات چی ئەکات، کە زۆرینەی پێشنیارەکان پابەند نابن پێوەی.

«بەپێی رێنماییەکان سزادان ئیشی لیژنەکەیە، چونکە خۆیان لەناو ئیشەکەدان و سەرپێچیەکە دەبینن کە لەلای ئێمە وایە، بەڵام لە هەندێک شوێن بەڕێوبەرکان خۆیان سزاکە دیاری دەکەن و پەسەندی دەکەن، ئەگەرچی لیژنەش بڕی سزاکە پێشنیار بکات»، سیروان حەسەن، سەرۆکی لیژنەی ڤێتەرنەری لە ناحیەی رزگاری هێما بۆ ئەوە دەکات.

وتیشی: بەپێی رێنمایەکان بۆ هەر کیلۆیەک خۆراکی بەسەرچو بڕی ٥ هەزار دینار دیاری کراوە، بۆ نمونە ئەگەر ٥ کیلۆ خۆراکی خراپ بو دەستی بەسەردا گیرابێت ئەوە سزاکەی ٢٥ هەزار دینارە.

بێستون محەمەد، سەرۆکی لیژنەی مۆلیدە ئەهلیەکان لە ناحیەی باوەنور دەڵێت: ئێمە دەسەڵاتی سزادانمان هەیە کە وەسڵی سزایەک دەکەین بۆ خاوەن مۆلیدەیەک دواتر دەگەڕێتەوە بۆ ناحیە.

«ئێمە دەسەڵاتی سزادانمان پێدراوە بەپێی رێنماییەکان کە هەر شوێنکارێک سەرپێچی کردبێت یان خواردنی خراپ بو دەستی بەسەردا گیرابێت یان کارەکەی ناپاسای زۆری تێدابێت داخستنیشمان کردوە بۆی»، موکەرەم کەمال، سەرۆکی لیژنە هاوبەشەکانی بازاڕ لە ناحیەی باوەنور وای وت.

دەشڵێت: تەنانەت لەو شوێنکارەی کە سزای دەدەین بە وەسڵ پارەش وەردەگرین و دەیگەڕێنینەوە بۆ ناحیە.

بەهەمان شێوە، نەبیل سەعید، سەرۆکی لیژنەی دەرمانخانەکان لە ناحیەی رزگاری باس لەوە دەکات: «ئێمە دەسەڵاتی سزادانمان هەیە خۆشمان وەسڵەکان دەکەین، ئەچێتەوە بۆ ناحیە دواتر بۆ قایمقامیەتی کەلار، چونکە ئێمە سەربە ئەوانین».

«لەسەر پرسی دەسەڵات یاسا دیاریکردوە کە بیدات بە من و نابێت بیدەم بە ئەوان، لەگەڵ ئەوەشدا لامەرکەزیەت هەبێت ئاسانترە بۆ من کە بتوانم دەسەڵات بدەم بە سەرۆک لیژنەکان، بەڵام یاسا رێگە نادات و تاوەکو ئێستاش نەبوە و باسیشی لێوەنەکراوە، بۆیە سزاکە دیاری دەکەن و پەسەندکردنی دێتەوە لای ئێمە»، جەمال ساڵەح، بەڕێوبەری ناحیەی رزگاری وتی.

بەپێچەوانەوە، عەدنان عەلی، بەڕێوبەری ناحیەی باوەنور باس لەوە دەکات: «لای ئێمە بەپێچەوانەوەیە لیژنەکان کە سەردان دەکەن هەر شوێنکارێک پابەندی رێنمایەکان نەبوبێت و سزاکەی کە بۆی دیاری کراوە بە کۆی دەنگی لیژنەکە کە دێتەوە لای ئێمە راستەوخۆ پەسەندی دەکەین، هیچ کاتیش نەبوە سزا کەمبکەینەوە یان بیگۆڕین».

هاوکات، شەهاب ئەحمەد، قایمقامی قەزای کەلار هێمای بۆ ئەوەکرد: «لیژنەکان دەسەڵاتی سزادانیان نیە ئەوەی هەیە تەنها پێشنیار دەکەن، بۆ پەسەند کردنی دێتەوە لای ئێمە ئەمەش بەپێی رێنماییەکان دیاری کراوە».

»

لیژنەکان دەسەڵاتی سزادانیان نیە
ئەوەی هەیە تەنها پێشنیار دەکەن

«

٣. هاندان بۆ لیژنەکان خەرج دەکرێت لەبەرامبەر دەرچونەکانیان

لەبەرامبەر هەر دەرچونێک کە لیژنەکان ئەنجامی دەدەن بەمەبەستی پشکنین بۆ شوێنکارەکان، حکومەت بەپێی ڕێنمایەکان هاندانی تایبەتی بۆ داناون کە خۆی لە ٩ هەزار دیناردا دەبینێتەوە.
شەهاب ئەحمەد، قایمقامی قەزای کەلار وتی: «خەرج کردنی پارەی هاندان کە بڕەکەی ٩ هەزار دینارە ڕێنمایی وەزارەتی داراییە».
پشتیوان حەسەن، سەرۆکی لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی قەزای کەلار دەڵێت: لیژنەکانمان ئەگەر لە ڕۆژەکەدا ١ جار دەربچێت و ٣ جار دەربچێت هەر ئەو بڕە پارەیەی بۆ حسابە، جا ئیتر بەیانیان بێت یان ئێواران بێت.
بەهەمان شێوە، تۆفیق محەمەد، لێپرسراوی بەشی چاودێری تەندروستی سەلامەتی خۆراک لە بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان هێمای بۆ ئەوە کرد: داهاتی ئەو دەرچونانەی کە لیژنەکان ئەیکەن بۆ پشکنین بەیانیان لە ٪١٥ی بۆ کارمەندەکەیە ئێوارانیش لە ٪٧٤، ئەمەش هەر ڕێنمای وەزارەتی تەندروستیە بەمەبەستی ڕێگری کردنە لە بەرتیل وەرگرتن بۆ ئەوەی لیژنەکان پەنای بۆ نەبەن، ئەمەش بە پسولەی (١٣٧ و ١٣٨) ڕێکخراوە.
بەڵام بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری گەرمیان ڕەخنە دەگرێت بەوەی ئەو هاندانەی کە خەرج دەکرێت بۆ ئەو لیژنانە دەبێتە هۆی جیاکاری، وەک خۆی دەڵێت چەندین لیژنەی دیکەمان هەیە و ئەو هاندانەی بۆ خەرج ناکرێت.
عوسمان مستەفا، دەڵێت: لیژنەی ڤێتەرنەری ڕۆژانە کە دەردەچێت لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا ٩ هەزار دیناری بۆ حسابە وەک هاندانێک، ئەمەش لە خۆیدا جیاوازی دروست کردوە لە نێو لیژنەکاندا، بە جۆرێک من چەندین لیژنەم هەیە کە کاردەکەن بەهەمان شێوە هیچ بڕە هاندانێکیان بۆ خەرج نەکراوە، بەڵام بۆ ئەو لیژنەیەم کە لە قایمقامیەتە خەرج دەکرێت.
هاوکات، شەهاب ئەحمەد، قایمقامی قەزای کەلار دەڵێت: ئێمە خۆمان ١٦ لیژنەمان هەیە ناحیەکانیش لیژنەی خۆیان هەیە، بەڵام داهاتیان دێتەوە لای ئێمە، چونکە یەکەی ژمێریاریان نیە، بە وەسڵی ١٣٧ ئەینێرینە بانک هیچی بۆ ئێمە و لیژنەکەش نیە.

»

خەرج کردنی پارەی هاندان کە
بڕەکەی ٩ هەزار دینارە ڕێنمایی وەزارەتی داراییە

«

٤. هەماهەنگی فەرمانگە حکومیەکان بۆ پێکهێنانی لیژنەکان

عوسمان مستەفا، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری گەرمیان دەڵێت: ئێمە وەک بەڕێوبەرایەتی ٢ لیژنەی ڤێتەرنەریمان هەیە کە یەکێکیان لە قایمقامیتە و لە پلانمان هەیە لیژنەیەکی دیکەیان بۆ زیاد بکەین بۆ ئەوەی ئێواران دەربچن، هەمو ڕێنماییەکانی کارکردنیان لەلای ئێمەیە، قایمقامیەت تەنها ئیشی ئیداری لەسەرە و ڕێکیان ئەخات.
وتیشی: ڕێنماییەکانیش زۆرن کە هی وەزارەتی کشتوکاڵ و بەڕێوبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتەرنەرییە، بۆنمونە هێنانی گۆشتی هیندی قەدەغەیە، ئەمە ڕێنماییەکی تایبەت بە خۆی هەیە، یان هێنانی جگەری بەستو و گۆشتی تورکی و ئێرانی ئەمانەش ڕێنمایی تایبەت بە خۆیان هەیە.
هاوکات، حیکمەت ئەحمەد، بەڕێوبەری چاودێریی بازرگانی گەرمیان وتی: «ئەندامی بەڕێوبەرایەتیمان لە لیژنەکانی قایمقامیەتدا هەیە بەگوێرەی ئەوەی کە لەبەردەستماندایە ٤ فەرمانبەرمان لە لیژنەکاندا هەن، بەبەردەوامی ئیجرائاتی خۆشمان کردوە، بەتایبەت لە خۆراکی بەسەرچو یان ساخ کردنەوەی خۆراکی خراپ بە کوالێتی باش».
وتیشی: ئێمە بەپێی یاسا بەرکارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی نوسراوی ژمارە ٢٧٦ی ڕێنمای ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٢١ کارەکانمان دەکەین، لە ساڵانی ڕابردوش بەتایبەت لە ٢٠١٢ەوە بەپێی ڕێنمایی ژمارە ٢٠٣ی تایبەت بە ڕێکخستنی کرێی ڕسومات و سزا داراییەکانی تایبەت بە بواری بازرگانی و پیشەسازی کاردەکەین، هاوکات بە یاسا بەرکارەکانی وەک یاسای بە بازاڕکردن و یاسای قۆرخکاری بازاڕ کارمان کردوە.
هێمای بۆ ئەوەشکرد: بەپێی یاسا دەسەڵاتی سزادانمان هەیە لە ٥٠ هەزارەوە بۆ ١ ملیۆن دینار ئەگەر سەرپێچیەکە زیاتر بو ئەوە دەتوانین بیکەین بە ٣ ملیۆن دینار ئەگەر زیاتر بو لەوەی کە باسمانکرد دەتوانین بیکەین بە ٥ ملیۆن دینار، هاوکات سزای داخستنیشمان هەیە ئەگەر سەرپێچیکار بەردەوام بو لە سەرپێچیەکەی ئەوە دەتوانین داخستنی بۆ بکەین، تەنانەت لە ڕێگەی داواکاری گشتیشەوە بیدەین بە دادگا کە لە ساڵانی پێشوتردا هەمان بوە.
«ئێمە ٥ لیژنەمان هەیە لەگەڵ قایمقامیەتی کەلار و لیژنەی سەرەکین، لەگەڵ سێ لیژنەی دیکە کە تایبەتە بە ئارایشتگا و کافتریاکانی نێرگەلە و لیژنەی کۆمەڵگە وەرزشیەکان، ئەمانە هەفتانە کاری خۆیان دەکەن بە جۆرێک لە هەفتەیەکدا ٤ جار دەرچونیان هەیە»، تۆفیق محەمەد، لێپرسراوی بەشی چاودێری تەندروستی و سەلامەتی خۆراک لە بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان وای وت.
وتیشی: لە مانگەکەدا دەکاتە ٢٠ جار دەرچون لە بەیانیان و ئێواران و شەوان.

٥. هەڵسەنگاندنی خاوەنکارەکان بۆ کاری لیژنەکان

خاوەن کارەکانی گەرمیان بەشێکیان جەخت لەوە دەکەنەوە کاری لیژنەکانی قایمقامیەت بە گونجاو دەزانن وەک خۆیان دەڵێن بەردەوام ئیجرائاتیان هەبوە، بەشێکیشیان بە پێچەوانەوە، بەڵام ئەوەی مایەی تێبینیەوە ئەوەیە کە بەشێکی زۆری هاوڵاتیان ئامادەنەبون لەبارەی لیژنەکانەوە لێدوان بدەن، وەک خۆیان دەڵێن «کێشەیان بۆ دروست دەکەن».

دڵشاد حەمید، خاوەنی فرۆشگای دڵشاد لە کەلار هێمای بۆ ئەوەکرد: لیژنەکان توند نین تا ئەو کاتەی کە دژایەتیان قسە دەکەی، بۆ نمونە کە دەڵێن سەر مێوژ داپۆشن، چونکە ناشۆردرێتەوە دەخورێت دەبێت بیکەی ئەگەر نا ئیجرائات دەکرێت.

هاوکات، سامان محەمەد، خاوەنی خواردنگەی سۆز لە ناحیەی رزگاری باس لەوە دەکات: «کاری لیژنەکان باشە و پێویستە باشتریش هەبێت، چونکە هەر خواردنێک خراپ بێت دەیبەن و هەر خواردنێکی خراپیش ساغ بکرێتەوە ئەوە سزای خاوەنکارەکە دەدەن».

«لیژنەکان هەفتەی جارێک سەردان دەکەن لە ناحیەکە ئێمە تەنها ٥ دەرمانخانەین، لیژنەکانیش پێویستە هەبن، هیچ کاتیش نەبوە جیاوازی بکە لە نێوان دەرمانخانەکان». سەردار ستار، خاوەنی دەرمانخانەی سەردار لە ناحیەی باوەنور وای وت.

بەهەمان شێوە، محەمەد سابر، خاوەنی دەرمانخانەی ئارین وتیشی: «لیژنەکان سەردان دەکەن بەلای کەمەوە مانگی جارێک دێن لە کارەکانیانیش جدین، بە جۆرێک سەیری دەرمان و پاکوخاوێنی و مۆڵەت دەکەن، تەنانەت پەڵپیشیان گرتوە لێم جارێک لەسەر کامێرا جارێکیش لەسەر دەرمانی بەسەرچو لە ٢ دەرمان بو پێم نەزانیبو ئەگەرچی سزای نەبو لەبەر ئەوەی کەم بو».

سەروەت فەتاح، خاوەنی هەرزانە بازاڕی نەورۆز لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت لیژنەکان بە بەردەوامی سەردان دەکەن بەلای کەمەوە لە مانگێکدا ٣ جار سەردان دەکەن، کارەکانیشیان بەگونجاو دەزانێت.

بەپێچەوانی شوێنکارەکانی دیکەوە قەسابێک کاری لیژنەکان بەوە ناو دەبات کە هەر نازانیت ئەمانە لیژنەی قایمقامیەتن.

سامان حەسەن، خاوەنی گۆشت فرۆشی سامان لە قەزای کەلار وتی: «لیژنەکان جاری وا هەیە ٢ هەفتە جارێک دێن یان زیاتر، بەڵام ئیشی ئەمانە تەنها گرتنی کۆمەڵێک وێنەیە و بڵاوی دەکەنەوە کە گۆشتفرۆشەکانیان بەسەر کردوەتەوە، لە کاتێکدا خۆیان کەس هەر نازانێت ئەمانە لیژنەی قایمقامیەتن، لەبەر ئەوەی نە باجێک یان لۆگۆیەک یان سەدرێیەک لە بەر ناکەن».

وتیشی: رۆژێک لەگەڵ کوڕەکەم ببو بە دەمەقاڵێیان، چونکە نەیزانی لیژنەی قایمقامیەتن، کە پەیوەندیان پێوە کردم وتم چۆن بزانم کە تۆ لە لیژنەی قایمقامیەتی، لەسەر ئەوەش کۆمەڵێک کێشەیان پێکردم.

دوەم: تێبینییەکان لەسەر کاری لیژنەکانی چاودێریی بازاڕ

١. چاودێریی نەکردنی نرخ

شەماڵ رەوف، چالاکوان لە قەزای کفری باس لەوە دەکات: یەکێک لەو کێشانەی کە لە قەزای کفری بونی هەیە و زۆرە کێشەی بەرزی نرخە، کە هەر کەسە و بە سەربەخۆ و نرخ دادەنێت و کەسێک نیە چاودیری ئەوە بکات، بەتایبەت میوە فرۆشەکان ئەوە دەکەن.

لەبەرامبەردا، حیکمەت ئەحمەد، بەڕێوبەری گشتی چاودێری و بازرگانی گەرمیان وتی: ئێمە بنکەیەکمان هەیە لە قەزای کفری بەهاوبەشی لەگەڵ قایمقامیەتی قەزاکە بەداواچونمان کردوە بۆ بەرزی نرخ و قۆرخکاری لە بازاڕدا، هەر هاوڵاتیەکیش سکاڵای هەیە پێمان بڵێت لە چ بابەتێکی شتومەکدا نرخ بەرزکراوەتەوە بۆ ئەوەی بەدواداچونی بۆ بکەین لە رێگەی لیژنەکانمانەوە.

٢. پشکنینەکان زیاتر لە ڕێگەی چاوەوەیە وەک لە تاقیگە

سەرۆکی لیژنەیەک جەخت لەوە دەکاتەوە کارەکانی ئەوان زیاتر لە ڕێگەی چاوەوەیەوە وەک لە پشکنینی دیکە، چونکە ئەوەی کە کاری تێدا دەکەن کەمتر پێویستی بە پشکنینە، چالاکوانانی گەرمیانیش ڕەخنە دەگرن لەو ڕێکارە.

پشتیوان حەسەن، سەرۆکی لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی قەزای کەلار دەڵێت: «کاری لیژنەکان زۆربەی بە چاو دەبینرێت وەک لە پشکنین، چونکە کە سەردان دەکەن پشکنین بۆ بەرواری بەسەرچون و شوێنی هەڵگرتن و پاکوخاوێنی و نرخ و مۆڵەت دەکەن».

وتیشی: لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک خواردنمان هەیە کە شلەمەنیەکان بەتایبەت دەینێرینە پشکنین بۆ خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان.

سیروان حەسەن، سەرۆکی لیژنەی ڤێتەرنەری لە ناحیەی ڕزگاری هێما بۆ ئەوە دەکات: «ئیشی ئێمە زیاتر بە چاو ئەبینرێت و لە ڕێگەی چاوەوەیە وەک لە پشکنین بۆی، لەگەڵ ئەوەشدا لەنێو لیژنەکەماندا پزیشکی ڤێتەرنەری هەیە، لیژنەکەشمان بە شێوەیەکە هەر کەسە و ئیشی خۆی ئەکات، بۆ نمونە ئەوەی نرخی لایە سەیری نرخ دەکات ئەوەی تایبەت بێت بە مۆڵەت سەیری ئەوە دەکات، بۆیە بەشێکی کەمی شتەکانمان پێویستی بە تاقیگە هەیە».

چالاکوانان لە گەرمیان دەڵێن کاری لیژنەکان تەنها لە سەیرکردنی بەرواردا چڕکراوەتەوە، ئەوەی دەکرێت تەنها سەیرکردنە وەک لە ئەنجامدانی پشکنین.

ئاراز محەمەد، چالاکوان لە قەزای کەلار وتی:»هەمو قایمقامیەتیەک دەبێت لیژنەی تایبەتی بە خۆی هەبێت بۆ بەدواداچون کردنی ئەو سنورەی لە ژێر دەسەڵاتیەتی، لە سنوری قەزای کەلار ١٦ لیژنە هەیە ٥ لیژنەی تایبەتە بە کەلار کە بەسەر زۆنەکان دابەشکراون، ئەم لیژنانەش کە دانراون زیاتر لەسەر بنەمای بەروار لێکۆڵینەوە ئەکەن و شتەکان زیاتر بەچاو دەبینن وەک پشکنینی بۆ بکەن، ئەم لیژنانە تاقیگەیان نیە بۆ پشکنین ناشزانن ئەو مادانەی بەکار ئەهێنن چیە و کوالێتیەکەی چۆنە«.

جەختی لەوەشکردەوە: هەر شوێنێک کە سزادەدرێت بەچاو مامەڵە دەکەن نەک پشکنین، ڕەنگە لەسەر پاکوخاوێنی بێت، بەڵام ڕەنگە خواردنەکە گەورەترین کێشەی هەبێت نەتوانێت دەستی بۆ بەرێت، بۆنمونە سێتێک ئاو بۆ ماوەی هەفتەیەک لەبەر خۆر دەبێت خۆ بەروارەکەی بەسەر نەچوە، بەڵام مادەکەی ناوی خراپ بوە.

وتیشی: ئەم لیژنانەی کە هەن سەریان لە هەندێک کار دەرناچێت، بۆنمونە دوکانێکی کەمالیات لە بازاڕدا هەندێک مەواد دەفرۆشن وەک حەپی مۆڵتی ڤیتامین و ئۆمێگا٣ و کۆمەڵێک بابەتی دیکە کە دەبێت لە ساردکەرەوەدا بێت، کەچی لە دوکانێکی گەرمدا فڕێ دراوە.

هاوکات، شەماڵ ڕەوف، چالاکوان لە قەزای کفری دەڵێت: «لیژنەکان لە قەزای کفری جوڵەیان هەیە، بەڵام وەک پێویست نیە، چونکە لە چەندین دوکان دۆ و ماستا و ساردەمەنیەکانی لەبەر خۆر بون، ڕۆژێک نەمان بینوە دوکاندارێک سزا بدرێت لەسەر ئەم بابەتانە«.

دەشڵێت: کاری ئەم لیژنانە ئەوەی دەیبینین تەنها سەیری بەروار دەکەن یان شتەکان بە چاو دەبینن، ئەی تاچەند بەدواداچون دەکەن بۆ ئەمە کە دەبێت ئەو خواردنە لە پلەی گەرمی چەند دابنرێت، بۆیە پرسیارێک دێتە ئاراوە ئایە ئەم لیژنانە تەنها کاریان لەناوبردنی خواردنی ماوە بەسەرچوە یان کاریان شێوازی هەڵگرتنی خۆراکە؟

لەبەرامبەردا، پشتیوان حەسەن، سەرۆکی لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی قەزای کەلار دەڵێت: لیژنەکان پسپۆریان تیایە بە جۆرێک ئاسایشی خۆراکی تیایە خۆپاراستنی تیایە هی بازرگانی تیایە بۆ چاودێری نرخ، لیژنەی مۆلیدەش کادیری هونەریی کارەبایی تیایە تەنانەت ئاسایشیشی تیایە، خۆشمان وەک ئیدارە لەگەڵیانین.

٣. وەرگرتنی پارە لە شوێنکارەکان

خاوەنکارێک دەڵێت: لیژنەکان بەردەوام سەردان دەکەن بەڵام نازانم ئەم لیژنانە سەربەکوێن، بەجۆرێک لەبەرامبەر هەر پشکنینێک بڕێک پارە وەردەگرن ئەمەش ناڕەزایەتی بەدوای خۆیدا هێناوە وەک خۆیان دەڵێن ئەگەر بەمشێوەیە بەردەوام بن ئەوە ناچاردەبین دوکانەکانمان دابخەین.

چیمەن محەمەد، خاوەنی ترشیاتی سۆما لە کەلار دەڵێت: «لیژنەکان بەردەوام سەردان دەکەن ناشزانم ئەم لیژنانە سەربەکوێن، تەنها ئەوە دەزانم کە لیژنەیەک ئێواران دێت بەپێی ئەوەی پێیان ڕاگەیاندن لیژنەی چاودێری خۆراکن، ئەگەر ئەم لیژنەیە بەو شێوەیە بەردەوام بێت ئەوە ناچار دەبین دوکانەکانمان دابخەین، چونکە هەر جارێک دێن و بۆ پشکنینی مادەیەک بڕی ١٥ هەزار دینار وەردەگرن لە کاتێکدا من سەتڵێک سیری خۆشەکراوم بۆ دێت تەنها ٨ کیلۆی تێدایە، بۆ پشکنینی چەند دەنکە سیرێک بڕی ١٥ هەزار دینار وەردەگرن».

وتیشی: لە کاتێکدا هەر خۆراکێک کە خراپ بێت یان ڕەنگی دەگۆڕێت یان کەڕو دەکات یان بۆنەکەی دەگۆڕێت، ئەمە بەچاو دیارە هیچ پێویست بەو پشکنینە ناکات کە دەیکەن.

باسی لەوەشکرد: بەوەشەوە نەوەستاون پەیوەندیان پێوەکردوم ئەگەر نەچم ئەنجامی پشکنینەکە وەربگرمەوە ئەوە ئەنجامەکە بە نەشیاو لە قەڵەم دەدەن، بۆیە ئەمانە ئەیانەوێ ببن بە شەریک لەو داهاتە کەمەی کە دەستم دەکەوێ، لەگەڵ ئەوەشدا من لارێم نیە لەوەی کە ئەم لیژنانە هەن، بەڵکو بە پێچەوانە پێم خۆشە بەڵام بەمشێوەیە نا.

هاوکات چالاکوانێکیش ڕەخنە لەوە دەگرێت کە لیژنەکان ئێواران زیاتر پشکنین بۆ شوێنکارەکان ئەنجام دەدەن، چونکە لە ٧٩٪ی ئەو بڕە پارەیەی کە وەری دەگرن بۆ لیژنەکەیە.

ئاراز محەمەد، چالاکوان لە قەزای کەلار دەڵێت: یەکێک لەو کێشانەی ڕوبەڕوی خاوەن دوکانەکان بوەتەوە ئەو پشکنینەیە کە لەلایەن لیژنەکانەوە دەکرێت بۆ کوالێتی خۆراکەکان بەتایبەت ئێواران، گرفتەکەش ئەو هاندانەیە بۆیان خەرج دەکرێت، بەجۆرێک ئەگەر بەیانیان بچنە پشکنین ئەو داهاتەی کە دەستیان دەکەوێت لە ١٠٠٪ بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە، بەڵام هەمان پشکنین کە ئێواران دەکرێت لە ٧٩٪ بۆ کارمەندەکە دەگەڕێتەوە، ئەمەش وایکردوە لە دوکانێک ئەگەر ٢ مادە پێویستی بە پشکنین بێت

ئەو ئەیکات بە ٦ مادە، بۆ هەر مادەیەکیش بە بڕی جیاواز پارە وەردەگرن، بۆ نموونە بۆ پشکنینی یەک کیلۆ ماست بڕی ٢٨ هەزار دینار وەردەگرن، کە هەمان ماست لە ١٠ مارکێت هەیە و هەمان پشکنینی بۆ کراوە، لە کاتێکدا دەبێت سەردانی ئەو ماڵانە بکەن کە ماستەکەی لێ دروست دەکرێت.

دەشڵێت: «ئەگەر بەیانیان ١٠ پشکنین بکەن ئەوە ئێواران ١٠٠ ئەکەن، لە مانگێکیشدا رەنگە ٤ جار سەردانی ئەو دوکانە بکات کە ئەمە چاودێری کردن نیە، بۆنموونە پەنیر کە لە مەرزەوە ئەهێنرێت پشکنینی کوالێتی کۆنترۆڵ و ئەوراقیشی بۆ دەکرێت، ئەمەن دیسان دێنەوە پشکنینی بۆ ئەکەن لە مارکێتێکدا».

لە بەرامبەردا، تۆفیق محەمەد، لێپرسراوی بەشی چاودێری تەندروستی و سەلامەتی خۆراک لە بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان هێمای بۆ ئەوە کرد: لیژنەکانمان بەیانیان و ئێواران کە دەردەچن یەک شتە ئەمەش رێنمای وەزارەتی تەندروستیەکە کە شوێنی واهەیە لە مانگێکدا ٤ جار سەردان ئەکەن هەشە ٦ جار وەک شوێنە گەورەکان کە لە چێشتخانە و قەسابخانەکان پێکهاتوە کە نمونەی پشکنین وەردەگرن بە بەردەوامی.

باسی لەوەشکرد: هۆکاری سەردانەکانیش ئەوەیە بزانین چۆن هەڵدەگیرێت و تا چەند شیاوە بۆ بەکارهێنان، چونکە خواردنی وامان هەیە دەبێت لە ١٨ پلەی سەدی هەڵبگیرێت هی واشمان هەیە لە ٥ پلەی سەدی.

سەبارەت بە وەرگرتنی ئەو نمونانەی کە پشکنینیان بۆ دەکرێت و لە بەرامبەردا بڕێک پارە وەردەگیرێت کە ناڕەزایەتی هاوڵاتیانی بەدوای خۆیدا هێناوە، ئەو لێپرسراوە جەختی لەوەکردەوە: هەندێک خواردن هەیە یەک پشکنینی بۆ دەکرێت ئەمەش خواردنە وشکەکان دەگرێتەوە، بەڵام خواردنە شلەکان ٢ پشکنینی بۆ دەکرێت ئەوانیش بەکترۆلۆجی و کیمیاییە کە هەر یەکێکیان بڕی ١٠ هەزار دینار وەردەگیرێت، لەگەڵ ئەوەشدا کارمەند کە دەچێت نمونە وەردەگرێت ٣ هەزار وەردەگرێت هەشە ٥ هەزارە کە ئەمەش فیزیاییە، بۆ نمونە ماست ٢ پشکنینە و بڕی ٢٨ هەزار دینار وەردەگیرێت، کە ئەمەش رێنمای وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی داراییە.

٤. بە تەکلیفی شەخس سزای سەرپێچیکار کەمکراوەتەوە

سیروان حەسەن، سەرۆکی لیژنەی ڤێتەرنەری لە ناحیەی رزگاری هێما بۆ ئەوە دەکات: هەندێک شوێن ئاگادارم کەسی یەکەمی فەرمانگەکە بە تەکلیفێک بەدەر لە رێنماییەکان چاوپۆشی کردوە و سزای شوێنەکەی کەمکردوەتەوە، ئەمەش زۆرجار ئەبێت بە کێشە بۆ لیژنەکان، لەبەر ئەوەی بەدەر لە رێنماییەکان ئەوەی کردوە، ئەگەرچی ئێمە لە دەستی خۆمانە کە بڕی سزاکەمان دیاری کرد، بۆ نمونە نوسیمان ٥٠ هەزار دینار بەڕێوبەر بەس واژۆی پەسەندکردنی بۆ ئەکات.

بەڕێوبەری ڤێتەرنەری گەرمیان، عوسمان مستەفا، رەخنە لە لایەنە پەیوەنیدارەکان دەگرێت بەوەی کە سزاکان کەم دەکەنەوە و دەستکاری دەکەن، وەک خۆی باسی لەوەکرد: تەنانەت گلەی ئەوەشمان هەیە کە دەستکاری سزاکان دەکرێت لە قایمقامیەتەکان و ناحیەکانیش بەجۆرێک دوکانێک ئەگەر هەفتەیەک سزای داخستنی بۆ بکرێت کەمی دەکەنەوە بۆ ٢ رۆژ یان شوێنکارێک بە بڕی ١٥٠ هەزار دینار سزا بدرێت کەمی دەکەنەوە بۆ ٣٠ هەزار دینار، بۆیە چاوپۆشی دەکرێت لەلایەن یەکە ئیدارییەکانەوە.

هاوکات، شەماڵ رەوف، چالاکوان لە قەزای کفری وتی: جیاوازیەکی زۆر دەکرێت لە نێوان دوکاندارەکاندا هەندێک شت لەسەر هەندێک کەس سوک دەکرێت و لەسەر هەندێکی تر قورس دەکرێت، بەجۆرێک دوکانداری وا هەیە ساڵ ١٢ مانگە شۆستە و شەقامەکی داگیرکردوە کە زۆر شوێن هەیە لە قەزاکە بەم شێوەیە، بەڵام تاوەکو ئێستا چارەسەر نەکراوە و چەندین جاریش ئەمەمان بە قایمقامیەت وتوە، بەڵام تاوەکو ئێستا چارەسەر نەکراوە، هەربۆیە هەر کارێک خۆیان میزاجیان هەبێت دەیکەن ئەگەریش نەبو نایکەن، جیاکارییەکی زۆر هەیە لە نێوان کەسێکی خاوەن دەسەڵات و کەسێکی بێدەسەڵات.

لەبەرامبەردا، پشتیوان حەسەن، سەرۆکی لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی قەزای کەلار دەڵێت: شتێک نیە بەناوی چاوپۆشی کردن بەتایبەت لە خواردنی بەسەرچو ئەوە براوەتەوە یان گۆشتی بێ مۆر، بەڵام یارمەتی هەیە، بۆ نمونە دوکانێک مۆڵەتەکەی بەسەرچاوە یان نوێیە و مۆڵەتی دەرنەهێناوە یان هەندێک پاکوخاوێن نیە، ئەمانە تا ٢ جار ئاگادارکردنەوەی پێ دەدەین وەک یارمەتی، بەڵام هاتینەوە نەکرابێت سزای لەسەرە چ داخستن بێت یان مادی بێت کردوشمانە.

سەرتیپ حەمید، سەرۆکی لیژنەی مۆلیدە ئەهلیەکان لە ناحیەی رزگاری باس لەوە دەکات: دەستکاری پێشنیارەکانمان دەکرێت بە جۆرێک جاری وا هەبوە پێشنیارمان کردوە خاوەن مۆلیدەیەک بە بڕی ٢٠٠ هەزار دینار سزا بدرێت لەبەرامبەر سەرپێچیەکەی، بەڵام کەمکراوەتەوە بۆ ١٥٠ هەزار دینار یان ١٠٠ هەزار بە تەکلیفێک.

هاوکات، ئاراس حەسەن، سەرۆکی لیژنەکانی ناحیەی رزگاری وتی: شتێک نیە بەناوی چاوپۆشی کردن لە سەرپێچی کردنی رێنماییەکان، بەڵام هەبوە یەکەمجاری بوە هەندێک نوقسانی هەبوە لە پاکوخاوێنی یان مۆڵەت وەرگرتن، سەرەتا ئاگادارمان کردوەتەوە، ئەگەر ٢ جار یان ٣ جار سەرپێچیەکەی بەردەوام بو ئەوە سزا دراوە بە مادی و چاوپۆشیمان نەکردوە«.

هاوکات، جەمال ساڵەح ، بەڕێوبەری ناحیەی رزگای وتی: شتێک نیە بەناوی چاوپۆشی کردن ئەوەی هەیە یارمەتیدانە کە حاڵەتێک بۆ حاڵەتێکی دیکە جیاوازە و هەر خاوەنکارێک کۆمەڵێک بارگرانی باج و شتیان لەسەرە، بۆیە هەندێکجار یارمەتی دەدرێن، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی زیان بێت بۆ بەرژەوەندی گشتی.

دەشڵێت: هەبوە کە خۆراکە بەسەرچوەکەی بە کیلۆ دیاری دەکرێت سزاکەی بڕی پارەکە زۆر بوە کەم کراوەتەوە، بەڵام لەبەرامبەر ئەمەدا بەڵێننامەی لێوەرگیراوە کە ئەگەر دوبارەی بکاتەوە یان سێ بارە ئەوە سزای قورستر دەدرێت وەک داخستن، بۆیە شتێک نیە بەناوی تەکلیفی شەخس یان خزمایەتی یان حزبایەتی.

لایخۆشیەوە، شەهاب ئەحمەد، قایمقامی قەزای کەلار وتی: شتێک نیە بەناوی چاوپۆشی کردن، هەر کەسێک وای وتوە لە خۆیەوە وای وتوە.

٥. بڵاوکردنەوەی سزا و سەرپێچییەکان لە سۆسیال میدیا

یەکێک لەو رێکارانەی قایمقامیەتی کەلار گرتویەتیە بەر ئەوەیە کە هەر شوێنکارێک داخستنی بۆ بکات لە پەڕەی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بڵاوی دەکاتەوە، ئەمەش هەندێک لە شوێنکارێکی توڕە کردوە.

سامان حەسەن، خاوەنی گۆشت فرۆشی سامان لە قەزای کەلار هێمای بۆ ئەوەکرد: زۆربەی ئیجرائاتەکانی لیژنەکان لە جێی خۆیدا نیە، چونکە نازانن چ گۆشتێک لە بازاڕ ساغ دەکرێتەوە، من گۆشتی بەرخم فرۆشتەوە بە ١٧ هەزار چونکە هی ئەمساڵ بو گران کەوتبو لەسەرم تەنها لەبەر ١ هەزار دینار لە کاتێکدا نە سزای مادی درابوم نە غەرامە کرابوم وێنەی دوکانەکەم لە پەیج دانرابو، ئەمە چیە خەڵک وتبوی گۆشت بە گران دەفرۆشێتەوە.

دەشڵێت: سەردانی قایمقامیەتم کرد پێم وتن کە نەیسڕنەوە سکاڵا تۆمار دەکەم بۆیە سڕیانەوە، ئەمە لە کاتێکدایە هەمو مەرجە تەندروستیەکانم تێدایە.

سەرۆکی لیژنەیەک بڵاوکردنەوەی شوێنکار لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان کە داخستنی بۆ دەکرێت بە ناوزڕاندن لە قەڵەم دەدات، وەک خۆی دەڵێت ئەوان ئەو رێکارەیان نەگرتوەبەر.

ئاراس حەسەن، سەرۆکی لیژنەکانی ناحیەی رزگاری وتی: ئەو ناو زڕاندنەمان نەگرتوەبەر کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ناوی شوێنکار و فرۆشگا بڵاوبکەینەوە، ئەگەرچی یاسایشە، بەڵام ئەوەمان کردوە بۆنمونە مۆلیدەی ژمارە ١ کەسەرپێچی کردوە، بەڵام نەهاتوین ناوەکەی یان وێنەکەی بڵاوبکەینەوە.

بەڵام شەهاب ئەحمەد، قایمقامی قەزای کەلار، داکۆکی لەم کارەیان دەکات و دەڵێت: تەواوی قایمقامیەتەکان لەسەر ئاستی کوردستان ئەو رێکارەیان گرتوەتە بەس کە شوێنکارێک سزای داخستنی بۆ دەکرێت بڵاوی دەکەینەوە، تەنانەت لافیتەشی بۆ هەڵدەواسین، ئەمەش لەبەر بەرژەوەندی گشتیە بۆ ئەوەی هاوڵاتیان ئاگادارین.

پسپۆڕێکی بواری میدیا دەڵێت ئەگەر قەربارەی سەرپێچیەکە زۆربو لەبەر بەرژەوەندی هاوڵاتیان بێت دەبێت بڵاوبکرێتەوە، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە بو ئەوە باشترە بڵاونەکرێتەوە.

دەشتی عەلی، پسپۆڕی میدیا لە گەرمیان باس لەوە دەکات: سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی ناوی ئەو فرۆشگا و شوێنکارانەی کە سەرپێچی رێنماییەکانی تایبەت بە نرخ و لایەنی تەندروستیی لەلایەن لیژنەکانی چاودێری بازاڕەوە بەپێی حاڵەتەکان دەگۆڕێت، بەجۆرێک ئەگەر بڕ و قەبارەی ئەو سەرپێچیە گەورەبێت و زیانی بۆ تەندروستی زۆرێک لەخەڵک هەبێت، بەدڵنیاییەوە بڵاوکردنەوەی ناوی جێگاکان ئیتیکییە و لەپێناو بەرژەوەندی گشتییە.

دەشڵێت: ئەگەر شوێنکارەکە بچوک و بڕی سەرپێچیەکەیشی کەم بو، باشتر وایە ناوی فرۆشگاکە نەهێنرێت.

«لەناوبردنی مادده بەسەرچوەکان دور لە هەمو رێکارێکی زانستی ئەنجام دەدرێت»

٦. کێشەی لەناوبردنی خۆراک و کەرەستە دەستبەسەردا گیراوەکان

«لە نێو قایمقامیەت کابینەیەکی تایبەتمان داناوە بەو خۆراکانەی دەستی بەسەردا دەگیرێت، هەفتەی دو جار لەلایەن لیژنەی تەلەفەوە کە نوێنەری کۆمپانیای خۆڵ و خاشاکی شارەوانی کەلاری تێدایە دەیبەن و تەلەفی دەکەن». پشتیوان حەسەن، سەرۆکی لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی قەزای کەلار وای وت.

وتیشی: رێگای لەناوبردنەکەش یان دەکرێتە ژێر خۆڵەوە یان دەسوتێنرێت.

ئەم کارەشە بە وتەی پسپۆڕێک، نازانستی و ناتەندروستییە.

عەبدولمتەلب رەفعەت، مامۆستا لە زانکۆی گەرمیان و پسپۆڕی ژینگە و ئاو، دەڵێت: لەناوبردنی مادده بەسەرچوەکان چ خواردەمەنی بێت یا دەرمان، بە شێوەیەکی نا تەندروست و دور لە هەمو رێکارێکی زانستی ئەنجام دەدرێت، دیارە ئەمە لە ئەستۆی ئەو لیژنانە نییە، بەڵکو کەمتەرخەمی حکومەتە کە نەیتوانیوە تائێستا رێکاری زانستی پێویست فەراهەم بکات بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو ماددانە کە ئاماژەی پێکرا.

جەختی لەوەشکردەوە: کارەسات لەوەیە ئەگەر دەرمانەکانیش بەو شێوەیە لەناوببرێن، چونکە پێکهاتەی کیمیایی قورسی تێدایە کە کارلێک دەکات لە گەڵ پێکهاتەی خاک و هەوا و ئاو و دەبێتە هۆی توشبون بە چەندین نەخۆشی جۆراوجۆر هەروەها سیستمی ژینگە لەو ناوچەیە ئەخاتە ژێر مەترسیەکی گەورەوە، هاوکات کاریگەری زۆر خراپی دەبێت لە سەر ئاوی ژێر زەوی.

سەبارەت بە رێگەچارە بۆ لەناوبردنی ئەو خۆراکە بەسەرچوانە، وتی: دەرمانە بەسەرچوەکان و پاشماوە پزیشکییەکان باشترین رێگا دانانی کورەی تایبەتە بە لەناوبردنیان، باشترین رێگاش بۆ چارەسەرکردنی پاشماوەی خۆراک دانانی کارگەیەکی تایبەتە بە دروستکردنی پەینی ئەندامی کە ئەتوانرێت پاشماوەی شتومەکەکان تێیدا وەکو ماددەی خام بەکاربهێنرێت بۆ دروستکردنی پەین، تەنانەت بەم رێگایە ئەتوانین خواست لە سەر پەینی کیمیاوی و هاوردەکردنی لە دەرەوەی وڵاتەوە کەم بکەینەوە.

٧. لیژنەکان ژمارە تەلەفۆنی تایبەت بە خۆیان نیە

یەکێک لەو کێشانەی کە لە لیژنەکانی قایمقامیەتدا بونی هەیە ئەوەیە کە ژمارە مۆبایلی تایبەت بە لیژنەکانەوە نیە، ئەوەی هەیە شەخسیە و بەکارئەهێنرێت و هی سەرۆکی لیژنەکانە، ئەمە لە کاتێکدایە چەند مانگ جارێک لیژنەکانیش گۆڕانکاری تێدادەکرێت و دەگۆڕدرێن، ئەمەش نیگەرانی لەلای چالاکوانان و هاوڵاتیانیش دروست کردوە.

پشتیوان حەسەن، سەرۆکی لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی قەزای کەلار دەڵێت: لیژنەکانمان ژمارە مۆبایلی تایبەت بە خۆیان نیە، ئەوەی هەیە هی سەرۆکی لیژنەکانە و شەخسیە بەکاری ئەهێنن، تەنها لیژنەی مۆلیدەمان ژمارەی تایبەتی بە خۆی هەیە، تاوەکو ئێستاش ئەو ڕێکارە نەگیراوەتە بەر کە ژمارەیان بۆ دابنێین.

هاوکات یەکێکی تر لە کێشەکان نەبونی جلوبەرگی تایبەتە بە لیژنەکانە، ئەمەش نیگەرانی لای هاوڵاتیان دروست کردوە بە جۆرێک باس لەوە دەکەن کە لیژنەکان سەردان دەکەن نازانن کە لیژنەن، ئەمەش وایکردوە بەریەک کەوتن دروست ببێت لە نێوان فرۆشیاران و لیژنەکاندا.

لەمبارەیەشەوە سەرۆکی لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی قەزای کەلار وتی: جلوبەرگی تایبەتمان نیە، بەڵام باجمان هەیە کە بەکاری دەهێنن، لەگەڵ ئەوەشدا هەر لیژنەیەک کە دەچێتە شوێنکارێک ڕاستەوخۆ دەڵێن ئێمە لیژنەی قایمقامیەتی کەلارین.

هاوکات، نەبیل سەعید، سەرۆکی لیژنەی دەرمانخانەکان لە ناحیەی ڕزگاری باس لەوە دەکات: ئێمە ژمارە تەلەفۆنی تایبەت بە خۆمان نیە ئەوەی هەیە شەخسیە و بەکاری دەهێنین.

چالاکوانانی گەرمیان ڕەخنە لە سەرۆکی لیژنەکان دەگرن بەوەی هاوڵاتیان نازانن چۆن پەیوەندی بەم لیژنانەوە بکەن.

ئاراز محەمەد، دەڵێت: یەکێک لەو کێشانەی کە هەیە ئەم لیژنانەی کە هەن ژمارە تەلەفۆنی تایبەت بە خۆیان نیە و کەس نازانێت ئەندامەکانیان کێن، بەڵکو ئەوەی هەیە و بەکاری ئەهێنن ژمارەی شەخسە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر لیژنەیەک و ماوەیەک جارێک دەگۆڕێت، هاوڵاتیانیش لە بونی هەر کێشەیەک نازانن پەیوەندی بە کێوە بکەن، کە پێویستە ئەم بابەتە چارەسەر بکرێت.

بەهەمان شێوە ئەم گرفتە لە قەزای کفریش بونی هەیە، وەک شەماڵ ڕەوف، چالاکوان لە قەزای کفری جەختی لێ دەکاتەوە: «ئەم لیژنانەی قایمقامیەت کە هەن کەس نازانێت کێن، چونکە لەلایەن قایمقامیەتەوە ڕانەگەیەندراوە، بەشێوەیەک نە پۆستەرێک نە شتێکیان هەیە لە شوێنە گشتیەکان تاوەکو خەڵک بیزانێت، تەنانەت ژمارە تەلەفۆنێکی تایبەت نیە تاوەکو خەڵک بتوانێت پەیوەندی بکات لە بونی هەر سەرپێچیەک».

دەشڵێت: بۆ بونی هەر کێشەیەک ناچار دەبیت سەردانی قایمقامیەت بکەی، لە کاتێکدا پێویستە گرنگی بەو بابەتە بدرێت لەبەر تەندروستی هاوڵاتیان.

جەمال ساڵەح، بەڕێوبەری ناحیەی ڕزگاری، وتی: لیژنەکانمان ژمارە مۆبایلی تایبەت بە خۆیان نیە ئەوەی هەیە سەرۆکی لیژنەکان ژمارەی تایبەت بە خۆیان بەکاردەهێنن و لە ئەکاونتی خۆشمان بڵاومان کردوەتەوە، بەڵام ئەو ڕێگایەمان نەگرتوەتە بەر کە ژمارەی تایبەت دابین بکەین.

وتیشی: گرفتێکی ئەوتۆنەبوە تاوەکو دەستی بۆ بەرین کە هەشبێت هەنگاوێکی بەجێیە و پێویست دەبێت بکرێت.

بەهەمان شێوە، عەدنان عەلی، بەڕێوبەری ناحیەی باوەنور باس لەوە دەکات: ژمارە مۆبایلی تایبەت بە لیژنەکان نیە ئەوەی هەیە هی شەخسیە و سەرۆکی لیژنەکان خۆیان بەکاری ئەهێنن، لەگەڵ ئەوەشدا لێرە پەیوەندی کۆمەڵایەتی زۆرە و هەموان لیژنەکان دەناسن و ژمارە مۆبایلیشیان، بەڵام ئەگەر گرفتێک هەبێت ژمارەی تایبەتیان بۆ دابین دەکەین.

باسی لەوەشکرد: لیژنەکەمان جلوبەرگی تایبەت بە خۆیان نیە لەبەری بکەن، ئەمە تەنها لای ئێمە نیە، بەڵکو لە لیژنەکانی تری کەلاریش نیە.

لەبەرامبەردا، شەهاب ئەحمەد، قایمقامی قەزای کەلار باسی لەوەکرد: هەمو لیژنەکانمان ژمارە تەلەفۆنیان هەیە بەشێکیان تایبەتە وەک لیژنەی مۆلیدە و سەرۆکی لیژنەی باڵا، بەڵام ئەوەکانی تر هی شەخسیە بەکاری ئەهێنن.

وتیشی: جاری واش هەیە ٢ مانگ جارێک لیژنەکان ئەگۆڕدرێن بەپێی ئەندامی بەڕێوبەرایەتیەکانی تر، ئەو ڕێکارەمان نەگرتوەتە بەر ژمارەیان بۆ دابنێنن.

سێیەم: کێشەی لیژنەکانی چاودێری

١. گرفتی کەمی کارمەند

یەکێک لەو گرفتانەی روبەروی بەشێکی زۆری فەرمانگە حکومیەکان بوتەوە کەمی کارمەندە، ئەم گرفتەش لە لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی قەزای کەلاریش رەنگی داوەتەوە.

پشتیوان حەسەن، سەرۆکی لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی قەزای کەلار دەڵێت: یەکێک لە کێشەکان کەمی ئەندامە لە لیژنەکاندا، ئێمە بە هەمومانەوە ٦٧ کەسین، تەنانەت ئەندامان هەیە لە یەک کاتدا لە ٢ لیژنە دایە، بەجۆرێک بەرێوبەرایەتی چاودێری بازرگانی ٥ کەسیان لامان هەیە ڤێتەرنەری ١ ئەندامی لامانە.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: کەمی ئەندام گرفتی بۆ دروست کردوین، ئەگەرچی نەمانهێشتوە کارەکانمان پەکی بکەوێت.

«ئێمە ستافمان کەمە و تەنها ٩ کارمەندمان هەیە لە لیژنەکەدا، ئەمەش زۆر کەمە و فریاناکەوین، چونکە رۆژ بە رۆژ شوێنکاری نوێ ئەکرێتەوە و مۆڵەتی نوێ وەرئەگیرێت، بۆیە پێویستە زیاد بکرێت». تۆفیق محەمەد، لێپرسراوی بەشی چاودێری تەندروستی و سەلامەتی خۆراک لە بەرێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان وای وت.

عەدنان عەلی، بەرێوبەری ناحیەی باوەنور باس لەوە دەکات: ئێمە لیژنەی دیکەمان پێویستە بەتایبەت ناو بازاڕ، چونکە سنورەکە بەرفراوانە و پێویستە لیژنەیەکی دیکەی بۆ زیاد بکرێت، بەڵام لیژنەکانی دیکە کافین و گرفتێکیان نیە.

بەپێچەوانەوە، جەمال سالەح، بەرێوبەری ناحیەی رزگای وتی: ئێمە وەک خۆمان گرفتی کارمەندمان نیە و کە ژمارەیان کەم بێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی هەیە رێک نەخراوە.

٢. سەردانی نەکردنی نۆرینگەکان

سەرۆکی لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی قەزای کەلار دەڵێت تەندروستی گەرمیان بە نوسراوی فەرمی داوایان لێکردوین سەردانی نۆرینگەکان نەکەین، هۆکارەکەشی نازانین بۆچی.

لەبەرامبەردا، د. سیروان محەمەد، بەرێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان وتی: بەهیچ شێوەیەک نوسراوی لەو شێوەیە نەکراوە و هەر بەڵگەیەک هەیە با بخرێتەڕو، هەمو نۆرینگەیەکیش دەبێت لیژنەیەکی پسپۆڕ سەردانی بکات، چونکە هیچ گونجاو نیە لیژنەیەک بچێتە شوێنێک کە هیچ زانیارییەکی لەبارەی شوێنەکەوە نەبێت، دواتر لیژنەکان جیاوازی ناکەن لە نێوان دەرمانخانەیەک کە مۆڵەتی هەیە و دانەیەکی تر کە مۆڵەتی نیە«.

وتیشی: ئێمە وتومانە ئەبێت لیژنەیەکی پسپۆڕ سەردانی نۆرینگەکان بکات.

٣. گرفتی ئۆتۆمبێل

«کێشەی پێداویستی و ئۆتۆمبێلمان زۆرە، بە جۆرێک بە هەمو لیژنەکانەوە تەنها ٥ ئۆتۆمبێلمان هەیە، ئەمەش کافی نیە بۆ لیژنەکان، بۆیە ناچارن ٢ لیژنە ٢ لیژنە رێک ئەکەون و ئەچنە سەر کارەکەیان، بەجۆرێک ئەمیان بەیانی بچێت دەبێت ئەوی دیکەیان ئێوارە بچێت، بۆیە باشترە هەر لیژنە و ئۆتۆمبێلی خۆی هەبێت». پشتیوان حەسەن، وای وت.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: ئەگەرچی ئەو بەرێوبەرایەتیانەی کە پەیوەندیدارن پێمانەوە و ئەندامیان هەیە یارمەتیان داوین و ئۆتۆمبێلیان دابین کردوە، لەگەڵ ئەوەش خەرجیان گرتوەتە ئەستۆی خۆیان.

بەهەمان شێوە، تۆفیق محەمەد، لێپرسراوی بەشی چاودێری تەندروستی و سەلامەتی خۆراک لە بەرێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان هێمای بۆ ئەوە کرد: نەبونی ئۆتۆمبێل یەکێکی ترە لە گرفتەکانمان کە وایکردوە دەرچونەکان کەم بکرێتەوە، بە جۆرێک لە ٢٠ جارەوە کراوە بە ١٥ جار لە مانگێکدا.

گرفتی نەبونی ئۆتۆمبیێل لەلای بەشێکی زۆری لیژنەکان وایکردوە نەتوانن وەک پێویست کارەکانیان بکەن.

موکەرەم کەمال، سەرۆکی لیژنە هاوبەشەکانی بازاڕ لە ناحیەی باوەنور باس لەوە دەکات: گەورەترین گرفتی ئێمە نەبونی ئۆتۆمبێلە کە زۆر جار بە ئۆتۆمبێلی خۆمان دەچینە سەر کار.

لەبەرامبەردا، عەدنان عەلی، بەرێوبەری ناحیەی باوەنور باس لەوە دەکات: گرفتی نەبونی ئۆتۆمبێل یەکێکە لە کێشە سەرەکیەکان کە بەهەمو لیژنەکانی ناحیە و شارەوانی و زیادەڕەوی و لیژنەی کشتوکاڵیش تەنها یەک ئۆتۆمبێلمان هەیە ئەویش کۆنە، زۆرجار لە دەرچونەکانیش پەکی دەکەوێت.

وتیشی: داواشمان کردوە و بۆ ماوەی ساڵێکە دابین نەکراوە، ئەگەرچی لە ساڵانی پێشتر نزیکەی ١٢ ئۆتۆمبێل دابینکراوە و دابەشکراوە بەسەر لیژنەکانی قایمقامیەتی کەلاردا، باوەنور وەری نەگرتوە.

هاوکات، جەمال سالەح، بەرێوبەری ناحیەی رزگای وتی: گرفتی ئۆتۆمبێلمان گرفتیکی سەرەکیە، ئۆتۆمبیلەکانمان هەموی کۆنە بەتایبەت هی لیژنەکانمان، ئەو ئۆتۆمبێلانەش کە هەمانە تایبەت بە لیژنەکان نیە، بەڵکو هی دەزگایەکی ترە و هێناومانە بە کاتی، لە کاتێکدا دەبێت ئۆتۆمبێلی تایبەت بە خۆیان هەبێت.

باسی لەوەشکرد: بەشێوەیەکی فەرمی داوامان کردوە کە ئۆتۆمبێلمان بۆ بکڕن وا بۆ ماوەی ساڵێکە هیچ ئەنجامێکی نەبوە، لە کاتێکدا لە ناوچەکانی تری کوردستان بۆیان دابین کراوە بەس گەرمیان نەبێت.

شەهاب ئەحمەد، قایمقامی قەزای کەلار، لەبارەی ئەم کێشەیەوە دەڵێت: پێشتر تەنها ١ ئۆتۆمبێلیشمان نەبوە ئێستا زۆرترین ئۆتۆمبێلمان هەیە، راستە کۆنن و ٢ دانەیان تازەیە، بەڵام کارەکانمان بەرێ دەکەین، لەگەڵ ئەوەشدا بەرێوبەرایەتیەکانی دیکەش هاوکارمان بون، بۆیە لە ئێستادا نزیکەی ١٠ ئۆتۆمبێلمان هەیە.

٤. ڤێتەرنەری گەرمیان رەخنە لە قایمقامیەت و ناحیەکان دەگرێت

عوسمان مستەفا، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری گەرمیان دەڵێت: بەشێک لە ئامارەکان دێنەوە لای ئێمە و هەموی نایەتەوە، بۆنمونە سەردانەکان و پشکنینەکان دێتەوە، بەڵام ئاماری سزاکان نایەتەوە، لای ئێمە وەک سزای مادی یان داخستن یان وەرگرتنی بەڵێننامە، ئەمە یەکێکە لە کێشەکان کە دەبێت ئەو ئامارانەمان بۆ بگەڕێتەوە، ئەوەشی پێماندەگات لەلایەن لیژنەکەوەیە نەک یەکە ئیدارییەکان.

وتیشی: ئەوەشی بۆمان دێتەوە لیژنەی خۆمان پێمان دەڵێن بۆ نمونە ١٠ کیلۆ گۆشت دەستی بەسەردا گیراوە یان ٢٠ کیلۆ جگەری بەستو دەستی بەسەردا گیراوە، بەڵام چی بەسەرهات یان چی لێکرا چۆن سوتێنرا کۆنوسی سوتانەکەی چۆن بو کێ لەناوی برد، بەرواری لەناوبردنەکەی هیچ بۆ ئێمە نایەتەوە.

شەهاب ئەحمەد، قایمقامی قەزای کەلار لەمبارەیەوە وتی: بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری گەرمیان خۆیان نوێنەریان لای ئێمە هەیە لە دو لیژنەدا، دەتوانن داوا لە ئەندامەکانی خۆیان بکەن کە سزای مادیەکان و داخستنەکانیش پێیان بدەن.

دەشڵێت: ڤێتەرنەری مەرجەعی ئێمە نیە تاوەکو شتیان بۆ بگەڕێنینەوە.

٥. نەبونی پزیشکی دەرمانساز

سەرۆکی لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی قەزای کەلار دەڵێت داوامان کردوە پزیشکی دەرمانسازمان بۆ دابین بکەن لە لیژنەی دەرمانخانەکان، بەڵام تاوەکو ئێستا نەکراوە و تەندروستی گەرمیانیش دەڵێت: بۆمان دابین کردون.

پشتیوان حەسەن، سەرۆکی لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی قەزای کەلار دەڵێت: لە لیژنەی دەرمانخانەکان دەبێت پزیشکی دەرمانساز هەبێت، بەڵام نیمانە، بە نوسراوی فەرمیش داوامان کردوە لە تەندروستی گەرمیان و سەندیکای تەندروستی سلێمانی لە سەرەتای ساڵ و دو هەفتەیەک پێش ئێستاش کەچی هەتاوەکو ئێستا بۆمان دابین نەکراوە.

وتیشی: پار ساڵ ٢ دانە هاتن بە نۆرە «تناوب»، بەڵام بە باشی کاریان نەدەکرد.

لەبەرامبەردا، د. سیروان محەمەد، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان دەڵێت: ئێمە هەموکات پزیشکی دەرمانسازمان بۆ ناردون بۆ ئەم مەبەستەش نوسراوی پێشوترمان هەیە، بەڵام ئەبێت قایمقامیەت مامەڵە لەگەڵ سەندیکای دەرمانسازان بکات بۆ ئەو مەبەستە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە نوێنەرمان بۆ ناردون کە بە نوسراوی فەرمی لەلامە.

باسی لەوەشکرد: پزیشکانی دەرمانساز ئیشکالیەتێکیان هەیە لەگەڵ قایمقامیەت ئەڵێن کەسێک دەکرێت بە سەرۆکی لیژنەکە هیچ زانیاری نیە لەسەر دەرمان، بۆیە ئەوان داوا دەکەن کە سەرۆکی لیژنەکە دەرمانساز بێت، بۆیە کەنوسراویشیان کردوە وەڵاممان داونەتەوە و نوێنەریشمان بۆ دابین کردون، ئەوەی ئەمەی وتبێت دروست نیە.

٦. له قەزای كفری لیژنەی ڤێتەرنەری نیە

بەڕێوبەری ڤێتەرنەری گەرمیان جەخت لەوەدەكاتەوە، كە بۆ ماوەی ٢ مانگە داوای جیاكردنەوەی لیژنەی ڤێتەرنەری كردوە، بەڵام تاوەكو ئێستا نەكراوە.
عوسمان مستەفا، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری گەرمیان هێمای بۆ ئەوەكرد: «قەزای كفری لە هەمو شوێنەكانی تر خراپترە هەر ئاگامان لێی نیە چی دەگوزەرێت، تەنانە بۆ ماوەی ٢ مانگە داوای جیاكردنەوەی لیژنەی ڤێتەرنەریم كردوە لە كفری تا ئێستاش هیچ نەكراوە، پاساوەكەیشی ئەوەیە كە ئەندامی ئاسایشیان نیە، بەڵام ئێمە وتومانە پۆلیس بێت كێشەمان نیە كەچی هەر نەكراوە«.
بۆئەو مەبەستەش یەكەی چاودێری حكومەتی خۆجێی گەرمیان پەیوەندی بە، شەماڵ نامیق، قایمقامی قەزای كفریەوە كرد، ناوبراو ئامادە نەبو لێدوان بدات.

٧. نەبونی لیژنەی لابردنی زیادەڕەوی

شەماڵ رەوف، چالاكوان لە قەزای كفری، باس لەوە دەكات لەلایەن خاوەن فرۆشگاكانەوە زیادەڕەویەكی زۆر دەكرێتە سەر شۆستەكان كە مافی هاوڵاتیانە بەسەریدا بڕۆن، بەڵام رۆژێك نەبوە شوێنكارێك سزا بدرێت.
لەبەرامبەر ئەم گرفتە یەكەی چاودێری حكومەتی خۆجێی گەرمیان چەندجارێك پەیوەندی بە قایمقامی كفری، شەماڵ نامیق و سابر عەبدولرەحمان سەرۆكی لیژنە هاوبەشەكانی ناوبازاڕی قەزاكەوە كرد، بەڵام ئامادە نەبون هیچ قسەیەك لەوبارەیەوە بكەن.
لە لیژنە هاوبەشەكانی قایمقامیەتی قەزای كەلاردا لیژنەی تایبەت بەلابردنی زیادەڕەوی نیە و سەرۆكی لیژنە هاوبەشەكانیش دەڵێت: داوامان لە شارەوانی كەلار كردوە بۆیان دابین نەكردوین.
پشتیوان حەسەن، دەشڵێت: ئێمە لیژنەی زیادەڕەویمان نیە لە قایمقامیەت بۆ لابردنی ئەو زیادەڕەویانەی كە دەكرێت، داواشمان كردوە لە شارەوانی كەلار كە ٢ روپێومان بداتێ لەگەڵ لیژنەیەكی ئەمنی، بەڵام تاوەكو ئێستا نەكراو، هۆكارەكەشی دەبەستنەوە بە كەمی فەرمانبەرەوە كە لە وەڵامی نوسراوەكەدا بۆمان هاتوەتەوە.
وتیشی: كاتی خۆی نوێنەری شارەوانی هەبو لە لیژنەكەماندا ئیشی باشیش كرا، بەڵام ئەمساڵ نەما، چونكە پێیان وتین خۆیان پێویستیان بەو كارمەندانەیە، بۆیە ئەمساڵ ئەو كارەمان سست بوە.
لەبەرامبەردا، ئەكرەم ساڵەح، سەرۆكی شارەوانی كەلار وتی: قایمقامیەت داوا بكات ئێمە نوێنەری بۆ ئەنێرین، لە لیژنە هاوبەشەكانیش نوێنەری شارەوانی هەیە ئەوەی پێویست بێت، لیژنەكانیش كە سەردان دەكەن بۆ لابردنی ئەو زیادەڕەویانەی كە دەكرێت دەبێت لەو چوارچێوەیەدا كار بكەن.
وتیشی: رۆژانە دەیان نوسراومان بۆ دێت و لەبەردەستم نیە بڵێم بەڵێ هاتوە، ئەگەریش هاتبێت بە دڵنیاییەوە وەڵام دراوەتەوە، ئەگەریش وەڵام نەدرابێتەوە بابیهێنن بە زوترین كات تاوەكو نوێنەرێكیان بۆ دابین بكەم.

بەشی دووەم: دەرەنجام و راسپاردەکان

یەکەم: دەرەنجامەکان

١. لە سنوری قایمقامیەتی قەزای کەلار ٢٥ لیژنە بونی هەیە بە ناحیەکانی دەوروبەرییەوە، بەلاّم بەهۆی قسەنەکردنی قایمقامی کفری و لێپرسراوی لیژنەی چاودێری قەزاکە، ژمارەی لیژنەکانی ئەو قەزایە و سروشتی کارەکردنیان نەزانرا.
کاری ئەم لیژنانە بریتیە لە بەسەرکردنەوەی دوکان و شوێنکارە جیاوازەکان بەمەبەستی دڵنیابونەوە لە پابەندبونیان بە رێنماییە تەندروستی و ژینگەییەکانەوە، لە روی نەبونی خۆراک و خواردەمەنی و کەرەستەی بەسەرچو و نەشیاو، یان پابەندبون بە پاکوخاوێنی، یاخود گرانی نرخ و بونی سەرپێچی لە رێنماییەکانی دیکەدا.

٢. لیژنەکان کراون بە چەند دانەیەکەوە و هەریەکەیان بە خشتەیەک سەردانی بازاڕ و شوێنکارەکان دەکەن، بەشێوەیەک هەمو رۆژێک یان رۆژی نارۆژێک سەردان دەکەن، کاتی سەردانەکانیش بەیان و دوانیوەڕوان و شەوانە. ئەندامانی لیژنەکە (جگە لە بەشێکی کەمیان) بۆ هەر دەچونێکی رۆژانە بڕی ٩ هەزار دینار وەکو هاندان وەردەگرن، هەندێکی دیکەشیان بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بە پشکنینەوە زیاترە و بە بڕی پشکنینەکان کەوتوە.

٣. لیژنەکان هاوبەشی نێوان ژمارەیەک دەزگای حکومین، لەوانە: قایمقامیەت/ ناحیە، تەندروستی، چاودێری بازرگانی، ڤێتێرنەری، شارەوانی، ئاسایش، پۆلیس و کارەبا و ...هتد. بەپێی رێنماییەکان کار دەکەن کە لەلایەن وەزارەتە پەیوەندیدارەکانەوە بۆیان دەردەچێت، لەگەڵ ئەوەشدا لیژنەکان خۆیان زۆرجار رێنمایی تایبەت دەردەکەن بۆ شوێنکارەکان.

٤. لەم راپۆرتەدا نەمانتوانی هەڵسەنگاندنێکی ورد بۆ ئەدای لیژنەکان بکەین، بەوپێیەی بەشی زۆری شوێنکارەکان ئامادە نەبون یان خۆیان دەبوارد لەوەی قسە لەسەر کاری لیژنەکان بکەن لە ترسی ئەوەی نەوەک دواتر لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، ئەوانەشی کە ئامادەبون قسە بکەن، بە گشتی هەڵسەنگاندنیان باش بو بۆ کاری لیژنەکان.

٥. لیژنەکان لە روی ستاف و پێداویستیەوە کێشەیان هەیە، بەتایبەتی لە روی مرۆییەوە وەک دابینکردنی کارمەندی زیاتر و بەتایبەتیش کارمەندی پسپۆڕ، هەروەها لە روی مادییش وەکو دابینکردنی ئۆتۆمبیل و ئامێر و کەرەستەی پشکنین بەتایبەتی بۆ پشکنینەکان کە ئێستا زۆرتر بە چاو دەکرێن و پشکنینی فیزیایین.

٦. وەک بەشێک لە شوێنکارەکان خستیانەڕو، ئالیەتەکانی دیارییکردنی سزا و غەرامەکان رون نین، زۆرجاریش بە تەکلیف و واستە گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. حکومەتیش لەبەرامبەردا بونی تەکلیف و چاوپۆشی رەد دەکاتەوە و باس لەوەدەکات دەرفەت دەداتەوە بە شوێنکارەکان بۆ ئەوەی خۆیان چاکبکەنەوە پێش سزادانیان.
٧. لیژنەکان لە روی پیشەییەوە تێبینیان لەسەرە، بەوەی جلوبەرگی تایبەت ناپۆشن کە بناسرێنەوە، ئەمەش هەندێکجار کێشەی دروست کردوە.

٨. لیژنەکان بواری پەیوەندی پێوەکردنیان زۆر سست و خراپ و نافەرمییە، چونکە ژمارە تەلەفۆنی تایبەت بە لیژنەکان نییە کە هاوڵاتی یان خاوەنکار پەیوەندی پێوە بکات، ئەمەش کار دەکاتە سەر بەڕێوەچونی کاروبارەکان.

٨. هەندێک لیژنە هەن کە بونیان نیە یان لەکارخراون، بونی ئەوانیش گرنگ و پێویستە، لەنمونەی لیژنەکانی زیادەڕەوی نێو بازاڕ، هەروەها لیژنەی تۆرینگەکان.

٩. هەندێک لە شوێنکارەکان نیگەرانن لەوەی کەرەستەکانیان دەبرێتە تاقیگە و دەشبێت خۆیان پارەی پشکنینەکە بدەن، کە ئەمەش بارگرانی زۆریان لەسەر دروست دەکات، باس لەوەش دەکەن ئەم پشکنینانە زۆرتر لەکاتی ئێواران دا دەکرێن کە پارەکەیان زۆرترە وەک لەوەی لە کاتی بەیانیان دا ئەنجام بدرێت. حکومەتیش دەڵێت ئەمە بڕیاری وەزارەتی تەندروستییە و بە سیستەمی نیمچە تایبەت «سیمی پرایڤت» ئەنجام دەدرێت.

دوەم: ڕاسپاردەکان

- لەگەڵ زیاتر بونی ژمارەی دانیشتوان و گەورەبونی قەزا و ناحیەکان و فراوانبونی بازاڕ و زیاتربونی شوێنکارەکان، دەبێت لیژنەکانیش زیاتر بکرێن، چونکە وەک تێبینی کراوە لیژنەکان توانا و ژمارەیان سنوردارە و بە تەواوی ناتوانن بازاڕ کۆنترۆڵ بکەن.
بۆیە پێویستە کاری ئەم لیژنانە فراوانتر بکرێت و بڕوەی زیاتریان پێبدرێت، ئەویش بە پێکهێنانی لیژنەی دیکە و زیادکردنی ستاف بۆیان، بەتایبەتیش کەسانێک زیاد بکرێن کە پسپۆڕ و شارەزای بوارە تەندروستی و خۆپارێزی و پزیشکییەکان بن. هەروەک لە روی پێداویستی و ئامێر و ئۆتۆمبیلیشەوە، پێویستە بڕەوی زیاتریان پێبدرێت و ڕێگە نەدرێت ئەو کێشانە ببنە هۆی سست بونی ئیشوکاری لیژنەکان.

- پێویستە لە روی یاسایی و کارگێڕییەوە، پێداچونەوە بە لیژنەکان دا بکرێت، بەشێوەیەک بتوانرێت ئەم بوارە بە یاسایەکی تایبەتمەند لە پارلەمانەوە ڕێکبخرێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی یاساکە بەشێوەیەک نەرمیی تێدا بێت کە تایبەتمەندی هەر ناوچەیەک لەخۆ بگرێت. هەروەک سالانە ڕێنمایی نوێ و تازەکراوە بۆ ئەم بوارە دەربکرێت.

- بەشێک لەو لیژنانەی کە لەکارخراون یان نین، پێویستە دروست بکرێن، چونکە بابەتەکە گشتگیرە و دەبێت هەمو بوارەکان وەک یەک و بە یەک ئاست مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. جگە لەوەش لەکارکەوتنی هەندێک لەو لیژنانە، لەنمونەی لیژنەی نۆرینگەکان، کەموکورتییەکی زەقە و گومانی زۆریش دروست دەکات، چونکە ئەمە وادەکوێتە توێژ یان بوارێک هەبن کە خۆیان لە سەروی یاسا و لێپرسینەوەوە دانابێت یان وەها ڕەفتاریان لەگەڵ دا بکرێت.

- شێوازی سزا و لێپێچینەوەکان ناشەفافن، دەبێت رون بکرێنەوە و وەکو یەک و بە یەک ئاست بەرامبەر بە هاولاتیان و شوێنکارەکان جێبەجێ بکرێن و بوار بۆ تەکلیفی شەخسی و دەستوەردانی حزبی و حکومی نەهێڵرێتەوە و دادپەروەریی تێدا ڕەچاو بکرێت. ئەم قسەیەش بۆ بواری وەرگرتنی پارە و ڕەسمی پشکنینەکانیش هەر ڕاستە و پێویستە بەشێوەیەک بن کە کاریگەریی لەسەر شوێنکارەکان دروست نەکەن و نەبنە هۆی بارگرانی.

- وایدەبینین پێویست و ئاسانیشە کە ئەندامانی لیژنەکان پابەند بکرێن بە پۆشینی جلوبەرگی تایبەت یان هەڵگرتنی باج و لۆگی تایبەت کە ببێتە مایەی ناساندنیان.

- زۆر پێویست و گرنگە لیژنەکان شێوازەکانی پەیوەندی پێوەکردنیان کارا بکەن، ئەمەش کارێکی گران و قورس نییە و هەر لیژنەیەک دەبێت ژمارە تەلەفۆنی خۆی هەبێت و لە سۆسیال میدیاش دا چالاک بێت و پەیوەندی و نامەی هاولاتیان وەربگرێت، بۆ ئەوەی هاولاتی بە ئاسانی دەستی بە لیژنەکان بگات، ئەمەش سودی دەبێت بۆ لیژنەکان بەوەی هاولاتیانیش خۆیان پەیوەندیان پێوە بکەن لەکاتی بونی هەر تێبینی و حاڵەتێکی گوماناوی لە شوێنکارەکان دا.

- قسەنەکردن و خۆبواردنی قایمقامی کفری (کە لەزۆر جێی تریشدا دوبارە بوەتەوە) و سەرۆکی لیژنەی هاوبەشی قایمقامیەتیەکە، جگە لەوەی پرسیار لەسەر شەفافیەت و کارەکانی خۆیان دروست دەکات، هاوکات کارێکە دژ بە یاسا بەرکارەکانی پەیوەست بە ئازادی ڕۆژنامەگەری و مافی بەدەستهێنانی زانیاریی.

پاشکۆ: ئامار

ئاماری بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی گەرمیان

ساڵ	مۆڵەتی پێدراو	مۆڵەتی نوێ	تازەکردنەوەی مۆڵەت	هەڵوەشاندنەوە مۆڵەت	ناسنامەی تەندروستی	سەردانی شوێنەکان	داخستن	سزا	خۆراکی لەناوبراو	پشکنینی خۆراك
2019	1509	387	730	202	2820	6240	146	212	53 تەن و 682 کغم	2317
2020	1588	235	703	186	2849	5112	46	320	21 تەن و 342 کغم	1573
2021	__	307	1029	175	3530	16406	85	696	__	__

ئاماری ئەمساڵی لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی قەزای کەلار

دەرچون	سەردانی شوێن	پسولەی سزا	سزای داخستن	خۆراکی بەسەرچو دەستی بەسەردا گیراوە	خۆراکی رادەست کراوە
1876	15400	547	54	7 تەن و 165 کیلۆ	62 تەن و 550 کیلۆ

ئاماری بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری گەرمیان

ساڵ	کۆی گشتی سەردان	سەردانی شوێنکار	ژمارەی سەرپێچی	بڕی خۆراکی لەناوبراو
2019	183	1910	254	1581کغم
2020	963	9609	429	235530کغم
2021	1006	9032	497	30361کغم
8مانگی2022	------	5525	318	1892کغم

* بڕی سزای غەرامە لەلای قایمقامیەتی قەزای کەلارە

ئاماری لیژنەی هاوبەشی ناحیەی رزگاری

(لە ساڵی 2018 تاوەکو کۆتایی مانگی ئابی 2022)

سەردانی شوێنکارەکان	دەست بەسەراگرتنی خۆراکی بەسەرچو	سزای مادی
2380	56 تەن	18 ملیۆن دینار

ئاماری بەڕێوەبەرایەتی چاودێریی بازرگانی گەرمیان

ساڵ	ژمارەی سەردان	ژمارەی سەرپێچی	بڕی غەرامە	خۆراکە دەست بەسەراگیراو
2019	5527	152	5475000	218462
2020	8809	161	1730000	6763
2021	15976	216	1975000	40316
8مانگی 2022	9914	219	1560000	22410

لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە

یەکەیەکی ڕۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی ڕادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیە گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

* ئامانجی یەکە

١. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

٢. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

٣. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

٤. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:

١. زریان محەمەد
٢. سروە کەریم

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٠١٩٢٣٦٦٢ - ٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net